Sorani

# بەخێربێن بۆ

# کتێبخانەی شاری ئودێڤاللا

## ڕێساکانی قەرزکردن




## کاتی کردنەوەی کتێبخانەکان

*لە 2005/1/10 وە هەتا کاتێکی تر. لە کاتی هاویندا و لە ڕۆژانی بەتاڵ و جەژنەکاندا دەگۆڕێت.*
*بڕوانە ماڵپەرەکەمان.*

| | |
|---|---|
| **Stadsbiblioteket** ناونیشان<br>Södergatan 26, tel 69 65 00<br>stadsbiblioteket@uddevalla.se | |
| **Dalabergs bibliotek** ناونیشان<br>Dalabergs centrum, tel 69 65 43<br>dalabergsbibliotek@uddevalla.se<br>Fax: 69 65 48 | **Ljungskile bibliotek** ناونیشان<br>Ljungskileskolan, tel 69 53 47<br>ljungskilebibliotek@uddevalla.se |

پاسی کتێبەکان بە گوێرەی ئەو لیستی کاتنە دەڕوات کە دەتوانیت لە کتێبخانەکە وەریگریت یان لە ماڵپەڕی کتێبخانەکەوە دایگریت.

bibliotek.uddevalla.se

UDDEVALLA KOMMUN

# ڕێساکانی قەرزکردن

## کارتی قەرزکردن

بۆ ئەوەی بتوانیت کتێب یان شتی تر قەرز بکەیت دەبێ کارتی قەرزکردنت هەبێت. ئەو کارتە بە خۆڕایی یە و لە هەموو کتێبخانەکانی ئودەڤاللا دەخوات.

- بۆ ئەوەی کارتی قەرزکردن وەرگریت ئەبێ ناسنامەی خۆتی بە وێنەوە نیشان بدەیت و ئیمزا لە خوارەوەی ڕێککەوتننامەیەك بکەیت.
- منداڵ کارتی قەرزکردنی دەدرێتێ لەو کاتەوە تەمەنی 6 ساڵ پڕ دەکاتەوە و تا 17 ساڵیش. ئیمزای سەرپەرشتیاری/بەخێوکەری یاسایی منداڵەکە لە بن ڕێککەوتننامەکەوە مەرجە.
- کارتی قەرزکردن بەڵگەنامەیەکی کەسیی بەنرخە. ئەو کەسەی ئیمزا لەسەر ڕێککەوتننامەکە دەکات بەرپرسیارە لە هەموو ئەو شتانەی بەو کارتە قەرز دەکرێت.
- لە کاتی ونبوونی کارتەکەتا ئاگاداری کتێبخانەکە بکە بۆ ئەوەی ڕێ لە بەکارهێنانی کارتەکە بگیرێت.
- کارتی نوێ لە جیاتی کارتی ونبوو دەدرێت بەو کەسە بەرامبەر بە بڕێك پارە و بە نیشاندانی ناسنامە.
- لە کاتی خراپبەکارهێنانی کارتەکەدا یان لەبەر قەرزی لە سەروو 100 کرۆنەوە ڕێ لە کارتەکە دەگیرێت.
- لە کاتی گۆڕینی ناونیشان یان ناو ئاگاداری دەدرێتە کتێبخانەکە.

## کۆدی کەسیی

تۆ کۆدێکی کەسییت دەدرێتێ (PIN-kod) بۆ کارتی قەرزکرنەکەت. تۆ بەو کۆدە لە ڕێی کەتەلۆگی کتێبخانەکەوە دەتوانیت لە ئینتەرنێتدا ئەم شتانە بکەیت:

- ئەو شتانە ببینیت کە قەرزت کردوە، ماوەی قەرزکردنەکە نوێ بکەیتەوە و کتێبێك داواکەیت بۆت دانرێت.
- ناونیشانی پۆستی ئەلەکترۆنی بگۆڕیت و هتد.لە کاتی گۆڕینی ناونیشان یان ناو ئاگاداری دەدرێتە کتێبخانەکە.

## قەرزکردن – قەرزکردنەوە - هەڵگرتن

- قەرزکردن 2 هەفتە و 4 هەفت دەتوانرێت دوو جار قەرز بکرێتەوە.
- قەرزکردنی 7 ڕۆژیی ناتوانرێت قەرز بکرێتــەوە یان داوای هەڵگرتن/حیجزکردنی بکرێت. مزەی نوێ دەسەندرێت بۆ هەموو دوو شەو و ڕۆژێکی تر مانەوە. ناتوانرێت هەڵگیرێت/حیجز بکرێت.
- مێدیای حیجزکراو ناتوانرێت سەرلەنوێ قەرز بکرێتــەوە.

## مزەی تێبەڕبوونی کات و وەبیرهانینەوە

- مزەی کاتتێبەڕبوون لە یەکەم ڕۆژی دواکەوتنەوە دەسەندرێت.
- مزەی کاتتێپەڕبوون دەسەندرێت کاتێك قەرزکردنەکە کۆتایی هات و شتەکە جارێکی تر قەرز دەکرێتەوە.
- مزەی کاتبەســەراچوون بۆ قەرزکردنی مێدیای منداڵ وەرناگیرێت.

کارتی قەرزکردنەکە ڕێی لێدەگیرێت کاتێك بڕی قەرزاریی گەیشتە سەروو 100 کرۆنەوە.
ئەگەر مێدیاکان لە کاتی خۆیدا نەگەڕێندرێنەوە ئەوا کتێبخانەکە دوو جار نامەی وەبیرخستنەوە دەنێرێت پاش ئەوە حسابێك دەنێرێت. بۆ پارەی کە نەدرابێت کیێشەکە دەنێردرێت بۆ کۆمپانیای پارەلێسەندنەوە.

## قەرەبووکردنەوە

- ئەو کەسەی مێدیا قەرز دەکات دەبێ لە کاتی ونبوون یان خراپبوونیدا قەرەبوو/هەقەکەی بدات.
- قەرەبووکردنەوە بە گوێرەی کلێشەیەکی داڕێژراو دەکرێت. بۆ مێدیای گرانبەها بڕی قەرەبووەکە بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی کتێبخانەکە دەسەندرێت. ئەگەر هەقی مێدیاکە بە پارە سەندرا قەرزکەرەکە مافی نیە ئەو پارەیە وەرگرێتەوە ئەگەر دوایی مێدیاکە گەڕێندرایەوە بۆ کتێبخانەکە.

## قەرزکردن و زانیاریی کەسیی

- ئەو مێدیایانەی کە قەرز دەکرێن یان حیجز دەکرێن لە سیستەمی کۆمپیوتەری کتێبخانەکەدا تۆمار دەکرێن.
- زانیاریەکان نهێنین و لە کاتی گەڕاندنەوەی شتە قەرزکراوەکاندا ئەو زانیاریانە دەسڕێنەوە.

شارەوانی ئودێڤاللا بەرپرسیارە لە زانیاریی کەسیی ناو تۆماری قەرزکردنەکان. ئامانج لە تۆمارکردنی زانیاری قەرزکردن هەر بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کتێبخانەکەیە و جارجاریش بەکاردەهێنرێت بۆ گەڕان بە دوای ناونیشان و ناردنی حساب. لە یاسای زانیاریی کەسییدا ڕێسا و پەیڕەو هەیە دەربارەی مافی وەرگرتنی زانیاری و دەربارەی زانیاریی کەسیی کە کاری لەسەر بکرێت و هەروەها بۆ ڕاستکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان.

## ڕێساکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت

- بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکانی کتێبخانە بە خۆڕاییە.
- بۆ گرتنی کۆمپیوتەری ئینتەرنێتی سەر بە کتێبخانە پێویستت بە کارتی قەرزکردن و کۆدێك (PIN-kod) هەیە.
- کارتی قەرزکردن و کۆدەکە کەسیی یەو نابێ بدرێت بە کەسێکی تر.
- ڕێگە نادرێت کە زیان بگەیەنرێت نە بە ئامێر و کۆمپیوتەرەکان و نە بە پرۆگرامەکانی ناو کۆمپیوتەر.

ڕێساکانی کتێبخانە دەربارەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر ڕەچاو و گوێڕایەڵی پەیرە و بڕیارەکانی ڕێکخراوی FN دەکات دەربارەی مافەکانی مرۆڤ:

- قەدەغەیە بگەڕێیت بەدوای وێنە و فلیمی ڕووت، شتی ڕەگەزپەرستانە یان کەرەستە و شتی سووکایەتیپێکردن و یان بینێریت بۆ شوێنێکی تر.

ئەو کەسەش کە گوێڕایەڵی و ڕەچاوی ڕێسا و یاساکانی کتێبخانەکە نەکات دەتوانرێت ڕێگای لێبگیرێت کە لەوەودوا کۆمپیوتەرەکان بەکاربهێنێت.

ئەوانەی شت قەرز دەکەن ئەرکی سەرشانیانە کە ئاگایان لە گۆڕانکاریەکان بێت کە بەسەر ڕێســاکانی قەرزکردنا دێن. کتێبخانە لە ڕێگەی ماڵپــەری شــارەوانییەوە خەڵك ئاگادار دەکات دەربارەی گۆڕانکاریەکان.